# کاریگەری قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی لەسەر دەرهێنەری کورد

**هیوا محمد لطیف[1]، عبدالناصر مصطفى ابراهيم[2]**

[1] بەشی سینەما، کۆلێجی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی سینەماو شانۆ، کۆلێجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hiwa.lattif@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی سینەما کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بەدەستی دەهێنێت و وەک هونەرێکی خاوەن فۆڕم و ناوەڕۆک و جەماوەریی، و ئەو هێزە گەورەیەی کە هەیەتی بۆ تۆمارکردن و نواندنەوەی واقع لەلایەک و توانای بەرهەمهێنانی جادوییانەی وێنە و بابەت، بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی کرداری دەرهێنان و وەک لێپرساوی یەکەمی بەگەڕخستنی فیلمەکان دەردەکەوێت. کەواتە دەرهێنان کاتێک کە ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە وەک بوارێکی سەربەخۆی نێو دنیای فیلمسازی و سینەما، ئەوا لێرەوە تێڕوانین و ئایدیای دەرهێنەرەکان چ وەک تاک و چ وەک گرووپ دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی جیاوازی دەرهێنانی سینەمایی کە ئەم قوتابخانانە چەند بنەما و ڕێسایەکی تایبەتمەند بە خۆیان دادەڕێژن و فۆڕم و ناوەڕۆکی فیلمەکانیان لەسەر بنیاد دەنێن، و دواتر کاریگەرییەکانیان بە فراوانی لە نێو جیهانی سینەمادا بڵاو دەبێتەوە و دەبنە بەشێکی گرنگ لە تیۆرە سینەماییەکان، کە دواجار دەکرێت کاریگەرییەکانی ئەم قوتابخانانە لەنێو فیلم و بەرهەمە جیاوازە سینەماییەکانی دەرهێنەرانی جیهاندا بەرچاوبکەون و بدۆزرێنەوە. بۆیە دەبینین لەم ساڵانەی دواییدا کورد بەدەرنەبووە بەو کاریگەربوونە و دەرهێنەرانی فیلمە کوردییەکان بە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە ژێر ئەو کاریگەریانەدا فیلمەکانیان درووست دەکەن. ئەم کاریگەربوونەشیان بە پێی ئەو پەیام و ناوەڕۆکەی کە فیلمەکانیان هەڵیانگرتووە و لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی گەلەکەیان و ئازارەکانیان و دیدگاکانیان یەکدەگرێتەوە. هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کەمی ئەو بودجەیەی کە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک پێویستە دەرهێنەر و فیلمسازانی کورد دەیانەوێت بە تەکنیک و تێچوویەکی کەم ئەو فیلمانە درووستبکەن و هەروەها بتوانن بەباشی خەیاڵ و ئایدیاکانیان جێگا بکەنەوە.

**وشە کلیلەکان:** قوتابخانە، دەرهێنان، سینەما.

**الملخص**

ان النجاح المميز الذي يحققه السينما في بداية القرن العشرين ، كفن جماهيري صاحب شكل و محتوى ، و القوة العظيمة التي يتمتع بها للتسجيل و تمثيل الواقع من جهة و قوة الانتاج الساحر للصور و المواضيع، يقع معظمه على عاتق عملية الإخراج ، و يظهر المخرج كمسؤول اول عن الافلام. لذا عندما يجد الإخراج مساره كأساس متين في عالم صناعة الافلام و السينما ، حينها تكون النظرة و فكرة المخرجين كافراد او كمجموعات تؤدي الى نشوء مدارس مختلفة للاخراج السينمائي ، حيث تقوم هذه المدارس بإنشاء العديد من الاسس و الانظمة الخاصة بهم يتم على اساسها انشاء الشكل و محتوى افلامهم، ثم ينتشر تأثيراتها في عالم السينما بشكل موسع و يصبح جزأ مهم من النظريات السينمائية . بالامكان رؤوية و ايجاد تأثيرات هذه المدارس في الافلام و المنتجات السينمائية المختلفة للمخرجين العالميين، لذا نرى في السنوات الاخيرة ان الكورد لم يكن مستثناة من هذه التأثيرات و كان مخرجوا الافلام الكوردية يصنعون افلامهم متأثرين بتلك التأثيرات بشكل مباشر او غير مباشر، و كانت هذه التأثيرات تطابق مع الظروف الداخلية لشعوبهم و معاناتهم و رؤوياهم وفقاً للرسالة و محتوى الافلام التي يحملونها. من جانب اخر و نظراً لصغر حجم الميزانية التي يتطلبها انتاج فلم ، يريد المخرجون و صانعوا الافلام الكوردية ان يصنعوا الافلام بتقنيات و تكلفة قليلة و ان يستطيعوا ان يثبتوا خيالهم و افكارهم بشكل جيد.

**الكلمات المفتاحية:** مدرسة ، إخراج ، سينەما.



| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10448 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hiwa.lattif@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ هیوا محمد لطیف، پ.ی.د عبدالناصر مصطفى ابراهيم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The distinctive success achieved by cinema, at the beginning of twentieth century, as a mass art with form and content, and the great power it has for recording and representing reality, on one hand, and the magical production power of images and subjects, most of it falls on the process of movie production, and the director appears as the first responsible of movies.

When directing finds its path as a solid foundation in the world of movie making and cinema industry, then the outlook and idea of directors, as individuals or as groups, leads to up-rise of different studies of movie directing, where these studies constitute many principles and regulations of their own, which they build form and content of their films, and their influence will spread in the world of cinema extensively and become an important part of cinematic theories.

Influences of these studies on movies and various cinematic productions of international directors can be seen and found, therefore in recent years we notice that Kurds were not exempt from these influences, and Kurdish movie directors were, directly or indirectly, making their movies under effects of these influences. These influences matched with the internal conditions of their people, their suffering, and their visions, according to message and content of the movies they include.

On the other hand, due to the small budget required to produce a film, Kurdish filmmakers and directors need to make films with low cost and techniques and to be able to prove their imagination and ideas well.


**Keywords:** School, Directing, Cinema.

## بەشی یەکەم

### یەکەم: گرفتی توێژینەوە

له سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ سەرهەڵدانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی هونەر و ئەدەب لەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ژیاری مرۆڤایەتی، هەموو ئەو شێوازە هونەرییە جۆراو جۆرانەش کاریگەرییان بەشێوەیەک لەشێوەکان بەسەر یەکەوە هەبووە و بەجۆرێک کە نەدەتوانرا ستایل و ئاراستەکانیان لە ڕووی فۆڕم و ئەو بابەتەی کە پێشکەشیاندەکرد جیابکرێتەوە. هەر لەبەرئەوەش کە سینەما لەناوخۆیدا دەتوانێت تەکانێک بدات و ئاراستە و دیدگای نوێ بهێنێتە ناوخۆی و کێبڕکێ لەنێو فیلمسازان و دەرهێنەران دروستببێت چ لە ڕووی فۆڕمی فیلمەکانیان یاخود لە ڕووی ناوەڕۆک و پەیامی گشتی فیلمەکە. کاتێک کاریگەرییەکانی ئەم قوتابخانە سینەماییە جیاوازانە لە نێو جیهاندا بڵاودەبنەوە، تا چەند دەرهێنەر و فیلمسازی کورد بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر ئەم کاریگەربوونە؟ یاخود چۆن کاریگەربوون بەم قوتابخانە سینەماییانە؟.

### دووەم: گرنگی توێژینەوە

**گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕدەکەینەوە:**

١-توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەران و گرنگیپێدەرانی سینەما لە هەرێمی کوردستان.

٢-دەوڵەمەند کردنی سەرچاوە زانستییەکان و کتێبخانەکانی تایبەت بە سینەما لە هەرێمی کوردستان.

٣-لێکۆڵینەوەیەکی نوێیە و دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگا بەڕووی خوێندکاران و لێکۆڵەرانی سینەما لە هەرێمی کوردستان.

### سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکەمان ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بەئامانجی خۆی دەزانێت:

١-دەرخستنی کاریگەریی سیمای قوتابخانەکانی دەرهێنانی سینەمایی لە نێو دروستکردنی فیلمە کوردیەکان.

٢-دەرخستنی کاریگەرییە جوانیناسیی و بابەتییەکانی قوتابخانەکانی دەرهێنانی جیهانی لەسەر دەرهێنەرە کوردەکان.

### چوارەم: سنوری توێژینەوە

١-سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان- عێراق (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)

٢-سنوری کات: (٢٠١٠ – ٢٠٢١)

٣-سنوری بابەت: ناساندنی قوتابخانە سینەماییە جیاوازەکان و کاریگەرییان لەسەر دەرهێنەری کورد دەکاتە بابەتی خۆی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە
توێژەر پشتی بە ڕێبازی شیکاری وەسفی بەستووە کە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، وەک ئەدەب و هونەر، (کە بە واتای وەسفی هەرچی گیاندلەبەر یان بێ گیان، و دیاردەیەک لە ئێستادا (ئامادە لە ئێستادا) و پێکهاتەکەی و کردارە باوەکانی و تۆمارکردنی و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی. لێکۆڵینەوە لە حەقیقەتە ئێستاییە پەیوەندیدارەکان بە سروشتی دیاردەیەک و هەڵوێستێک یاخود کۆمەڵێک خەڵک و کۆمەڵێک ڕووداو یاخود کۆمەڵێک بارودۆخ یان هەر جۆرە دیاردەیەکی تر.)(سعید، ١٩٩٠، ل٩٤)

## شەشەم: کۆمەڵگای توێژینەوە
لەم بوارەدا کۆمەڵگای توێژینەوە بە هەرێمی کوردستانی عێراق دەستنیشان دەکرێت بە فیلمێک، لێرەشەوە توێژەرە دەستنیشانی ئەو فیلمەی کردووە لە یەکەی شیکردنەوەی فیلمدا کە قوتابخانەی ڕیالیزم دەگرێتەوە.

## حەوتەم: دیاریکردنی دەستەواژەکان
**١-قوتابخانە:**

((بەپێی پێناسەی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)، قوتابخانە بەو شوێنە دەوترێت کە قوتابی تێدا فێر دەکرێت، جا چ لە شێوەی قوتابخانە بێت یاخود زانکۆ و کۆلێج بێت. یان هەر دامەزراوەیەک کە ڕێنمایی دیاریکراو سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو دەبەخشێت. یاخود گروپێک لە هونەرمەند، نووسەر یاخود فەیلەسووف کە لە هەمان ڕا و بۆچووندا هاوبەش بن.) (Soanes, etal, ٢٠٠٦, p. ٨١١)

**٢-دەرهێنان:**

((وشەیەکە زمانی ئینگلیزی لە بنەچەی وشەی (direct)ی زمانی لاتینییەوە وەریگرتووە، بەڵام بنەچەی وشەکە بە لاتینی (diregere) یە کە بەمانای: هەڵدەستێت؛ بەڕێکدەخات؛ ئاراستەدەکات؛ ڕێنیشاندەرە. لەگەڵ ئەوەشدا مانای سینەمایی وشەکە سیفەتە بۆ ئەو کەسە بەکاردێت کە ئامۆژگاری دەدات بە ئەکتەرەکان و کاستی فیلمەکە بەمەش وشەکانی نێو سیناریۆ دەکات بە وێنە و لەسەر سکرین نمایشدەکرێت.)) (جاکسون، ٢٠٠٨، ل ١٣٠ – ١٣١)

**٣- سینەما:**

(کورتکراوەی وشەی Cinematographeە، ئەم وشەیە واتای جیاوازی هەیە، لە یەککاتدا ئاماژەیە بۆ بۆ ستایلێکی تەکنیکی و بەرهەمهێنانی فیلم (کارکردن لە سینەمادا) و نمایشکردنی (ئاهەنگە سینەماییەکان) و هۆڵی نمایش (ڕۆشتن بۆ سینەما) و کۆمەڵێک چالاکی لەو بوارەدا (مێژووی سینەما) و هەروەها کۆمەڵێک سەرچاوە و نووسراوی بەفیلمکراو کە پۆلێنکراون بۆ چەند بەشێک، وەک؛ سینەمای ئەمریکی و سینەمای بێ دەنگ و سینەمای خەیاڵکرد و سینەمای بازرگانی...) (جورنو، ٢٠٠٩، ل١٦)

**بەشی دووەم**

## تەوەری یەکەم: جۆرەکانی قوتابخانەی دەرهێنانی سینەمایی
لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لەگەڵ سەرهەڵدانی سینەما، کامێرا تەنها وێنەی دەگرت، وەک ئەو چاوە بوو کە ئەرکەکەی تەنها ڕوانین بوو لە شتەکان و وێنەی دەگرتن بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی هەبێت لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی بابەتەکان، ئەمەش بە ڕوونی لە فیلمەکانی برایانی لومێر(Lumiere Brothers) دا دەردەکەوێت، لێرەدا وەک دەبینین لە فیلمەکانیاندا هیچ کاریگەرییەکی دەرهێنەر نییە بەسەر دروستکردنی فیلمەکەوە چونکە ئەوان بەئامێرە نوێکەی خۆیان تەنها وێنەی ڕۆژێک یان ساتێکی مرۆڤیان وەرگرتووە و پاشان نمایشیان کردووە، واتە کارەکە تەنها جۆرێک لە تەکنیک بووە. (ئامێری سینەماتۆگراف تەنها ئامێرێک بووە نەک نیوەندێکی هونەری، توانیویەتی وێنەی جوڵاو تۆمار بکات و پاشان لەسەر سکرین نمایشی بکات کە ئەمەش سەرکەوتنێکی تەکنیکی بووە نەک هونەریی و دەرخستنی لایەنی جوانیی و ئاسۆی ڕوونیان تێدا نەدیوە وەک هونەر) (روبنسون، ١٩٩٩، ل ٢٥)، پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە کە سینەما بەرەوپێش دەچێت و وەک هونەرێکی گرنگ خۆی دەچەسپێنێت لە دنیادا، ئەوا دەبینین هەم وەک لایەنی تەکنیکی دەرهێنەر ئەرکەکانی جیا دەکاتەوە و کاریگەرییەکی باڵاتر دروستدەکات لە فیلمەکاندا و دیدگا و خەیاڵی خۆی زیاتر جێدەکاتەوە و کامێرا دەجوڵێنێت بە پێی ئەو خواست و ویستەی خۆی کە هەیەتی بەرامبەر بە گێڕانەوەی وێنەییانەی چیرۆکی فیلمەکە (لەم ماوەیەدا دەبینین فیلم گرتەی جیاواز دەگرێتە خۆ و وەک پێوانەی فیلمەکە دەردەکەوێت نەک جیاوازی. دروستکەری فیلم لەم ماوەیەدا زیاتر بەو هۆکارە گرتەکان دوا بەدوای یەکدا بەکاردەهێنێت بە ئامانجی جەختکردنەوە لە خاڵە دیارەکان لە نێو ڕووداوێکدا وەک لایەنی گرنگی بیناکردنی گێڕانەوە بە درێژی یاخود دروستکردنی پەیوەندییە کاتی-شوێنییەکان بە شێوەیەکی ڕوون) (بیرسون، ٢٠١٠، ل ٧٦)، ئەمەش دەبێتە سەرهەڵدانی تایبەتمەندێتی دەرهێنەر بەسەر کەشی گشتی فیلمەکەوە لە بواری گرتە و جیاوازی فیلم، چونکە لەم ماوەیەدا دەرهێنەر بونیادی خۆی دادەڕێژێت لە ڕێگای خوێندنەوەی بۆ بوارەکانی مێژوو و جوانیانسی و ئایدیۆلۆژی کە ئەمانەش لە فۆڕمی فیلمێکدا کۆدەکاتەوە کە بە شێوەیەکی فەلسەفی، و بە مەبەست لە نێو فیلمدا بە کاتێکی دیاریکراو پێشکەشیان دەکات. فیلمیش دەبێت بەخشێک بێت کە جوانیی و زانستی تایبەت بە خۆی تێدابێت کە دواتر هەڵگری چێژێت بۆ ئەو بینەرەی کە دەیبینێت. لێرەشەوە دەرهێنەر فۆڕمی تایبەتمەند بە خۆی پەیدا دەکات، کە پاشان ڕەخنەگران هەم لەباری جوانیناسی و هەم لە باری تەکنیکییەوە شێوەیەک بەو خواستانەی دەرهێنەر دەدەن و دەیانخەنە نێو

چوارچێوەیەکی تیۆریی و لەوێدا کارەکانیان هەڵدەسەنگێنن و وەک شێوەیەک لە قوتابخانە جیایان دەکەنەوە لەوانیتر، بە نموونە هەندێک دەرهێنەر دەخەنە نێو (ڕیالیزمی نوێی ئیتالی، ئەم بزووتنەوەیە زۆر بەردەوام نەبوو. بەڵام بەشێوەیەکی فراوان وەک بزووتنەوەیەکی کاریگەر و جیاواز بووە جێی بایەخ و سەرسامی. گرنگترین سیماکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەکارهێنانی ئەکتەری ناپرۆفیشناڵ و وێنەگرتن لە شوێن و جێگای دەرەوەی ستۆدیۆ و جەختکردنەوە لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان.) (جاکسون ٢٠٠٨، ل ٣١٧)، هەندێکیتریان دەخەنە نێو ئێکسپرێسیۆنیزمی ئەڵمانی) وەک چەمکێک ئاماژەیە بۆ ئەو فیلمە هونەرییە ئەڵمانیانەی کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کاریگەربوون بە بزووتنەوەی ئێکسپرێسیۆنیزم. فیلمەکانیش تایبەتمەندی ئەم شێوازەیان وەرگرتبوو، ڕووناکی پێگەیەکی بەرزی هەبوو، گێڕانەوەش لەسەر یەک هێڵ نەبوو، مەیل بۆ وێنەگەلێک کە لە خەون دەچوون. (هوراك، ٢٠١٥، ل ٤٤٥) و بەو تیۆرانە جێیان دەکەنەوە. ئەگەرچی دەرهێنەرانێک هەبوون کە ئەم جۆرە لە سنووربەندیی و لە چوارچێوە گرتنەی خۆیانیان بەدڵ نەبووە و حەزیان کردووە یان هەوڵیان ئەوەبووە کە زیاتر ئازاد بن و لەنێو کۆت و بەنددا گیرنەکرێن، بەڵام دەرهێنەرانیتر بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە خۆیان بە بەشێک بە نموونە (شەپۆلی نوێی فەرەنسی) زانیوە کە چەمکێک بووە ڕۆژنامەنووسە فەرنسیەکان دایانڕشت بۆ تۆمارکردنی یەکێک لە گرنگترین پەرەسەندنەکانی مێژووی سینەما. ئەوەش لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕەخنەگری گەنجی سینەمایی درووست بوو کە بە مەبەست پێشێلی یاسا سینەماییەکانیان کرد. کە چەند تایبەتمەندیەکی هەبوو، پشتبەستن بە شوێنی ڕاستەقینە بۆ وێنەگرتن، کامێرا لەسەر دەست هەڵگیرێت، بڕینی لەناکاو لە ڕێی مۆنتاژەوە. بگرە خۆشیان بەشێک بوون لە درووستکردن و بنیادنانی. (جاکسون ٢٠٠٨، ل ٣٢٤). (مێژووی سینەما مێژوویەک نەبووە لەسەر یەک هێڵ بەردەوام بێت، بەڵکو مێژووەکەی لەسەر ئەو ساتە جیاواز و تایبەتمەندانە درووست بووە کە بوونەتە هۆی بەربەست و هەڵگەڕاونەتەوە بەرامبەر بنچە جێگیرەکان، چی ئەگەر ئەم بنچانە بنچەی جوانیناسی بووبن یاخود بنچەی ئابووری بووبن) (آنبال، ٢٠٠٠، ل ٣)، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی فکر و ئایدۆلۆجیا و کلتور بووە و کاریگەریان هەبووە لەسەر ئایدیا و دیدگای دەرهێنەران، کەواتە دەبێت بڵێین ئەوە دەرهێنەران بوون کە بە کارەکانیان ڕەوت و قوتابخانە سینەماییەکان بنیاد دەنێن و پاشان تیۆرسێن و ڕەخنەگران دێن لەسەر بناغەی کارەکانی ئەوان ڕەوت و قوتابخانە جیاوازەکان ناودەنێن، چونکە بەگشتی دەرهێنەران وەک بناغەیەکن و (بناغەکانیش گەڕانن بە دوای شێوازی دەرهێنەرێک و جیاکردنەوەیان لە دەرهێنەرانی دی، بەو واتایەی دەکرێت حاڵەتێک یان چەند حاڵەتێک هەبن تێیدا کۆمەڵێک دەرهێنەر هاوشێوەی یەک بن لە شێوازدا، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە پێکەوە پەیوەستن بە یەک جۆری شێواز و قوتابخانەوە) (ثامر، ٢٠١٦، ١٠٩).

هەر لەوکاتەی کە سینەما دەکەوێتە سەرپێی خۆی و وەک هونەرێک دەناسرێت دەرهێنەر بە بەڕێکخەر و داینەمۆی سینەما دەناسرێت لەبەر ئەوەی هەموو کارەکان لەسەر بنیادی ڕوئیا و دنیابینی ئەو دەوەستێت و دواجار فیلمسازی و سینەما بە گشتی لەسەر بناغەی وێنە دەوەستێت و دەگێڕدرێتەوە، بەواتایەکی تر(دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمی شیکردنەوەی گشتی دەقی سیناریۆکەیە و دیاری کردنی ڕەهەند و ڕەگەزەکانیەتی و دیسان شیکردنەوەیان بۆ هونەرمەندانی وەک ئەکتەر، دیزاینەر و تەکنیکییەکان. ئەرکە لەسەر دەرهێنەر کە هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان لەبەرچاو بگرێت و جەخت بکاتەوە لەسەر یەکگرتوویان پێکەوە) (جانيتي، ١٩٨١، ل ٣٧٣)، کەواتە پێویستە دەرهێنەر خوێندنەوە و دنیابینی خۆی بخاتە سەر سیناریۆ و ئاراستەی ڕووداوەکانی ناوی تێکەڵ بە دنیابینی و تێگەشتنی خۆی بکات و پاشان بتوانێت کە پەیوەندییەک لەنێوان خۆی و بەشەکانی وەک دیزاین و جل و بەرگ و لایەنە تەکنیکییەکانی وەک ڕووناکی و کامێرا درووست بکات و بەشێوەیەکی پێویست و گونجاو بەڕێوەیان بەرێت کە دواجار یەکانگیر ببن لەگەڵ ئەکتەر و پێکەوە هەموو ئەو لایەن و بەشانە ببنە وێنەی سینەمایی لە کاتێکی گونجاو و دیاریکراودا کە هەڵگری پەیامێکی هونەری و تەکنیکی و جوانیناسی چێژبەخش بن.

ئەم قوتابخانە و ئاراستانە لەسەرەتای سینەماوە (لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بە دوو ئاراستە گەشەیان کردووە: ڕیالیزم و ئێکسپرێسیۆنیزم. برایانی لومێر بە فیلمی وەک - گەشتنی شەمەندەفەر- کە وەک جادویەک بوو بەرامبەر بینەران چونکە وا دەردەکەوت کە جڵەوی ڕووداوەکانیان بە شێوەیەکی خۆڕسک گرتووە وەک لە ژیانی واقعدا دەیبینین. بە نزیکەیی لە هەمان کاتدا جۆرج میلیە کۆمەڵێک فیلمی درووستکرد کە نغرۆ بوون لەنێو خەیاڵ و گرنگیان بە ڕووداوی تەواو خەیاڵی دەدا، وەک فیلمی – گەشتێک بەرەو مانگ – کە ئەم فیلمە پێکهاتەیەک بوو لە گێڕانەوەی سەیر و وێنەگرتنی فێڵاوی) (جانيتي، ١٩٨١، ١٥-١٦) کەواتە وەک لە فیلمی (گەشتنی شەمەندەفەر- The Arrival of a Train)ی برایانی لومێردا کە ساڵی ١٨٩٥ وێنەیان گرتووە، دەبینین ئەوە کاریگەری وێنەی واقعییە کە وا لە بینەر دەکات توشی ترس و شڵەژان بێت، چونکە وێنەی جوڵاوی شەمەندەفەرێک دەبینێت کە بەرەو ئاراستەی چاوی دێت، ئەوەش یەکەمجار بوو بینەر خۆی ببینێتەوە، چونکە برایانی لومێر کامێراکەیان بە ئاراستەیەک دانابوو کە شەمەندەفەرەکە بەرەو ڕووی کامێرا دێت (شەمەندەفەرەکە لە قوڵایی سکرینەوە دەگات بەرەو لێنزی کامێراکە، ئەمەش دەبێتە هۆی ترس و تۆقینی بینەر لەوەی کە بکەونە ژێر پێچکەکانی، بەم جۆرە ڕوانینی مرۆڤ و ڕوانینی ئامێرەکە یەکانگیر دەبن و بۆ یەکەمجار کامێرا دەبێتە پێکهاتەیەکی درامی و وێنەی واقعی ژیان دەبەخشێت) (سادول، ١٩٦٨، ل٣٢)، ئەمە لە یەککاتدا هێزی سینەما و کاریگەری وێنەی جوڵاو و هەروەها گۆشەی کامێرا دەگەیەنێت بە شێوەیەکی واقعی، کە ئەم کاریگەریەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەرهەست و سۆز و کاردانەوەی بینەر و ڕوانینی بینەر، هەروەها دەرکەوتنی سینەما پیشان دەدات وەک هونەرێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو لە دنیادا. لەگەڵ گەشەکردنی ئەم هونەرە نوێیە و پێشکەوتنی لایەنە تەکنیکیەکانی سینەما و هەروەها بە سود وەرگرتن لە چیرۆک و بەتایبەتیش کاریگەری هونەرێکی دێرینی وەک هونەری شانۆ ئەوا دەبینین چیرۆکیش دێتە ناو سینەما و بیرکردنەوەی جیاواز و دنیابینی جیاوازی دەرهێنەر دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری هونەری سینەما و ئاراستەی جیاواز لە واقع پیشان دەدات و خەیاڵی دەرهێنەر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر گێڕانەوە و وێنە درووستدەکات بە شێوەیەک کە کەسێکی وەک جۆرج میلییە و لە فیلمی (گەشتێک بەرەو مانگ - A Trip to the Moon) دا کە لە ساڵی ١٩٠٢ درووستیکرد، زیاتر ڕۆدەچێت بەناو ئێکسپرێسیۆنیزمدا (دەق فیلمەکە لە دوو ڕۆمانی بەناوبانگی نووسەری ئینگلیزی ویڵس وەرگیرابوو، بەڵام میلییە ئایدیای سەرەکی چیرۆکەکەی بە تایبەتمەندی خودی خۆیەوە جێبەجێکرد کە بە ڕۆحێکی گاڵتەجارانە لە نێو خەیاڵێکی سەرنجڕاکێشدا پیشانمان دەدات) (سادول، ١٩٦٨، ل ٤٨)، ئەم فیلمە وەک سەرەتایەکی گرنگە بۆ وەرگرتنی دەق و گۆڕینی بە وێنە و جێکردنەوەی تەکنیکی سینەمایی ئەگەرچی سەرەتاییش بن، بۆ خۆی جگە لەوەی کە شێوەیەکی نا واقعی سینەمایی بووە و بە ئاراستەی ئێکسپرێسیۆنیزمدا ڕۆشتووە لە هەمان کاتدا وەک سەرەتا و بناغەیەکی گرنگی ڕەگەزێکی

سینەمایی دادەنرێت کە بە (سینەمای خەیاڵی زانستی – Scinece Fiction) دادەنرێت، شێوازێکی سینەماییە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، زۆرکات پشت بە تێچووی زۆر و کاریگەرییە تایبەتییەکان و هەروەها لە نێو فیلمەکاندا و نواندنی کەم دەبەستێت (جاکسون، ٢٠٠٨، ل ٤٠٤).

پاشان ئەو دوو شێوازە سەرەکییە لق و پۆپی جیاوازیان لێ بووەتەوە و ئەوانیش بە پێی خۆیان گەشەیان کردووە، ئەگەرچی ئەم گەشەکردنانە لە شێوەدا گەشەکردنێکی تیۆری دەردەکەون بەڵام لە نێو کاری دەرهێنەرانەوە هەڵقوڵاون (پێکهاتەی فیلم بە وێنە و دەنگەوە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنێکە کە دەرهێنەر لە بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتدا هەڵیبژاردووە) (Bordwell, ١٩٩٧, p ٤) کەواتە فیلمەکان پێش ئەوەی تیۆر بن پراکتیکن و زۆرتر لەسەر بناغەی کارە پراکتیکییەکانی دەرهێنەرانەوە ئەم تیۆریانە دارێژراون، ئەگەرچی هەندێک کات کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە واتە تیۆرییەک هەیە و پراکتیکەکەی لەسەر بناغەی ئەو تیۆرییە بنیاددەنرێت و جێبەجێ دەکردێت. لەم دیدگایەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وا بۆچوونێکی تر هەیە بۆ بینینی جیاوازی لەنێو فیلمدا ئەمەش وا دەردەکەوێت هەوڵێکە بۆ بناغەیەکی جیاوازتر لە بینین و شیکردنەوەی فیلم کە ئەوانیش یەکەمینان ریالیزمە،لە سینەمادا ئاماژەیە بۆ دوو رێگای جیاواز لە دروستکردنی فیلمدا، و دوو چارەسەر بۆ وێنەی سینەمایی. لە حاڵەتی یەکەمیاندا ئاماژەیە بۆ ئەو فیلمە سینەماییەی کە واقع دەنوێنێتەوە و هەڵگری متمانەیە بەرامبەر کارەکتەر و رووداوەکان. لە حاڵەتی دووەمدا خاڵی دەستپێکی لە میکانیزمی کامێرادا دەبێت بەرامبەر بە کۆپیکردنەوەی واقع. (واتس، ٢٠١٦، ل ١٠٤٧)، دووەمیان ئێکسپرێسیۆنیزمە، ئەم جۆرە سینەمایە مەیلی بۆ تێرامان لە خود هەیە، بەرەو ئەوەی کە وا لە بینەر بکات بە هەستیاریەوە لە وێنە ساختەکە بروانێت و هۆشداربێت بە شوێنەکەی وەک بەکاربەری وێنە، ئەگەرچی ئەوە لەرێی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دیکۆرە وێنەکێشراوەکان، یان بەکارهێنانی نائاسایی فیلمی خامی ڕەنگکراو و لێنزەکان، یاخود نامۆکردنی بینەر بە نواندنە لەرادەبەرەکەی ئەکتەران لەنێو ئەم شێوازەدا. (هوراك، ٢٠١٥، ل ٤٥٥)، ئەم دوو بناغە جیاوازە دەمانبەن بۆ مەنهەجێکی زانستی و هونەریی سینەمایی کە بە چەند شێوازێکی نوێ دەردەکەون (شێوازی قۆناغ دەستەواژەیەکە بۆ شێوازێک یاخود بزووتنەوەیەک کە هێندە زاڵ و گشتگیرە هەموو ئەو ماوەیە بەو ناوەوە دەکرێت. ئێکسپرێسیۆنیزمی ئەڵمانی نموونەی شێوازی قۆناغە، کە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی داگیرکردبوو) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٤)، بەڵام هەرچی شێوازی جۆرە ئەوا بە پێچەوانەی شێوازی قۆناغ (شێوازی جۆر شەرمنە جار لە دوای جار سەرهەڵدەداتەوە و دەکرێت لە هەر زەمەن و سەردەمێکدا بەدی بکرێن. ئێکسپرێسیۆنیزم و ریالیزم دوو نموونەی شێوازی جۆرن.) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٥)، ئەمەش کاری دەرهێنەر لەنێو فۆرم و ناوەرۆکی فیلمدا دەگرێتەوە، کە داخۆ کارەکەی دەچێتە کام قۆناغ؟ ئەگەرچی زۆر گرانە کاری دەرهێنەران لە قاڵب بدرێت و بخرێتە یەک چوارچێوەی تیۆریەوە، چونکە ئەوان دەکرێت لە هەر فیلمێکیاندا چەندان شێواز بەکاربهێنن و بچنە نێو شێوازە جیاوازەکانەوە، بەمەش تیۆرسێنان و شیکەرەوان و ڕەخنەگرانی سینەما ناچار دەبن کە هەوڵبدەن سیما و ڕووخسارەکانی شێوازە جیاوازەکان لەنێو هەر فیلمێکدا بدۆزنەوە و دیاریان بکەن، (ئەوەی کە وا لە هەرفیلمێک دەکات بە ئێکسپرێسیۆنیستی (یا هەر شێوازێکی تر) بناسرێت ئامادەیی ژمارەیەکی زۆر تایبەتمەندێتی ئێکسپرێسیۆنیستی لە فیلمەکەدایە. ئەگەرچی ئەم ژمارە سەرو زیادە ناروونە، بەڵام ئەم ناروونییە وادەکات چەمکی شێواز بە شێوەیەکی ئازادانە تر واتا بکەینەوە و لە واتایەکی بێ ڕۆح دوورتر بکەوینەوە. بۆ زۆربەی مێژوونووسانی سینەما ئامادەبوونی زۆرینە (یان هەندێجار تەنها زۆرینەیەک) لەم تایبەتمەندییە ئێکسپرێسیۆنیستیانە بەسە بۆ ئەوەی فیلمەکە بە ئێکسپرێسیۆنیستی دابنێین.) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٥)، بەڵام دەرهێنەر لە خۆوە و بێ پاساو فیلمەکەی پڕ ناکات لە تایبەتمەندێتی شێواز و قوتابخانەی جیاواز بەڵکو ئەو لە ڕووی ناوەرۆک و لە ڕووی فۆرمەوە دەیەوێت کارەکەی هەم لە ڕووە مرۆڤایەتی و جوانیناسی و هونەرییەکەوە کامڵ بێت، هەم زەمەن و کاتی فیلمەکەش لە چوارچێوەیەک بێت کە بتوانێت بیگەیەنێتە بینەر و دواجار پەیامێک بێت کە بینەر قبوڵی بێت و بتوانێت تێی بگات. زۆرجار دەرهێنەر بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕەخنەگر دواتر چۆن کارەکەی دەخاتە نێو قاڵب و تیۆرێکی سینەمایی بەڵکو ئەو تەنها کاری خۆی و فیلمی خۆی دروست دەکات، وەک چۆن ڕەخنەگر کاری خۆی دەکات. لێرەدا مەبەستی دەرهێنەر ئەوەیە کە کارەکەی جیاوازتر دروست بکات و بەگشتی دیدگای نوێ و دنیابینی و تێگەشتنەکانی خۆی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ڕۆژ لە نێو فۆرم و شێوەی نوێ جێ بکاتەوە بەشێوەیەک کە فۆرم لەگەڵ ناوەرۆک و چیرۆکدا یەکانگیر بن و چوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراو نمایشی بکات.

## تەوەری دووەم: کاریگەری قوتابخانەکانی دەرهێنان لە فیلمی کوردیدا

کاتێک بە تێڕوانینێکی ورد تەماشا دەکەین و فیلمەکان هەڵدەسەنگێنین دەبینین زیاتر کاریگەریی سینەمای ئەورووپی دیارە بەسەر فیلمە کوردییەکانەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنەر چونکە (دەبێت وا تەماشای چەمکەکانی شێواز بکرێت کە لە ڕووی کاتەوە ڕێژەیین. لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە بوارەکەدا و لە گەڕانی مێژوویدا، دەکرێت چاوەڕێی گۆڕانکاری بین لە لیستی دیاریکردنی شێوازدا، بەم شێوەیە سروشتێکی کراوەی دریاریکراو لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە وادەکات ئەم فیلمە یان ئەویان لە خۆیدا سەر بە شێوازێک بێت) (کاسبیار، ١٩٨٩، ل ١٥٦)، کە وا دەکات زیاتر تەماشای ئەو ماوە زەمەنیە بکەین کە فیلمەکەی تێدا دروستکراوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک کاریگەری هەیە کە دەکەونە سەر دەرهێنەر و شێوازی گێڕانەوەکەی، کە دیسان دەبێت ئەوانەش لەبەرچاو بگیرێن، وەک کاریگەرییە ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان کە ئەمانە بە گشتی کاریگەرییان هەیە لەسەر دیدگا و ڕوانینی دەرهێنەرێک دەربارەی دروستکردنی فیلمەکەی، (وەک (کروبیر)ی زانا جیایان دەکاتەوە، کە شێوازی هونەرەجوانە نمایشییەکان لە سێ توخم پێکهاتوون، یەکەمیان ئەو بابەتەیە کە هونەرمەند مامەڵەی لەگەڵ دەکات، دووەمیان تێگەشتنی هونەرمەندەکەیە بۆ بابەتەکە، سێیەمیان فۆرمی تایبەتمەند و ڕێگای جێبەجێ کردنیەتی) (مونرو، ٢٠١٤، ل ١١٥)، کە دەبێت دەرهێنەر بەباشی هەڵیانبسەنگێنێت و کاریان تێدا بکات و بیانقۆزێتەوە و بیانکاتە بەشێک لە فیلمەکەی، ئەمەش هەرچەندە لایەنی جوانیناسیانە و دیدگای جوانی دەرهێنەر دەگرێتەوە بۆ فیلمەکە، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی چەند تەنگوچەڵەمەیک دەبێتەوە بەتایبەت لە ڕووی ئابووریی و نمایشی فیلمەکانەوە، چونکە ئێمە لە کوردستان بەتەواوی کەرتی بەرهەمهێنانی فیلممان نییە و ناتوانین بەو ئاستەی وڵاتانی پێشکەوتوو فیلمەکانمان دروستبکەین، لەبەرئەوەی (لە جیهانی

سینەمادا دوو فاکتەری هاوتەریب هەن لێکتر جودا نابنەوە و یەکێک تەواوکەری ئەوی تریانە، یەکێکیان پیشەسازی فیلمسازییە، وەک هەر پیشەسازییەکی دیکەی بازرگانی کە تێیدا پێوەری بازاڕ و قازانج و زیانی تێدا دەکرێت و فیلم وەک هەر کەرەستەیەکی دیکە دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، بە هەزاران کۆمپانیا لە کەرتی تایبەتدا بە هەموو کەرەستەکانی خۆیانەوە ڕکابەری لەگەڵ یەکتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین داهات، فاکتەری دووهەمیان بوون و نەبوونی هۆڵی سینەما و بینەری سینەمایە کە تێیدا سینەما دەبێتە یەکێک لە پێداویستییە شارستانییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەک هەر پێداویستییەکی ڕۆژانە و ناتوانێت لێی جودا بێتەوە) (عەبولرەحمان، ٢٠١٨، ل ٥٤)، کە نەبوونی ئەو هۆکار و فاکتەرانە وا دەکات دەرهێنەر پشت بەو سەرچاوە مرۆیی و لۆجستیانە ببەستێت کە لەبەردەستیدان و بەرکاریان بهێنێت، چونکە دەرهێنەری کورد زۆربەی جار خۆی بابەتی فیلمەکەی دەنووسێت و دەستنیشانی دەکات، ئەمەش لەسەر بناغەی سەرچاوە دارایی و هونەریی و مرۆییەکانی بەردەستیەتی و دەیەوێت جۆرێک لە فیلم بخولقێنێت کە بەدەربێت لە تێچووی زۆر و نزیک بێت لە ئایدیا و تێگەشتنی خۆی بۆ دەوروبەرەکەی.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو کاریگەریانە بە ئاگایی یاخود نائاگایی یان بەر جۆرێک بێت کاریگەری خۆیان لەسەر دەرهێنەری کورد و پاشان لەسەر تەواوی فیلمێک جێهێشتووە، ئەمەش دەکرێت لە نێو تەواوی پێکهێنەرە گشتیەکانی فیلمی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دیاری بکرێت، بە هەردوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی فیلمەوە چی دیکۆمێنتاری بن یاخود فیلمی درامی بن.

## ٢-١-ڕەگەز و پێکهاتەکانی فیلمی کوردی

پاش ئەو دۆخە سیاسییەی کە لە باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق) لە ساڵی ١٩٩١ درووستدەبێت و بەشێک لە کوردستانی باشور ئازاد دەبێت و بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کورد و خۆی بەڕێوەی دەبات، ئەمەش وادەکات لە هەموو ڕووەکانەوە بەرهەمەکان بکەونە دەست کورد خۆی و جۆر و چەندێتی بەرهەمهێنان لە هەموو بوارەکاندا ئازادییەکی تەواوی دەبێت و سانسۆرەکان یان نامێنن یاخود زۆر کەمدەبنەوە (ئەم پرسە نەک بووە هۆی دابینکردنی ئاسایش، بەڵکو دەرفەتێکی خوڵقاند تاکو کوردەکان لە هەوڵی سەقامگیرکردنی دەستەڵاتی خۆیاندا بن. کوردەکان بە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کوردی و بەرهەمهێنانی فیلمی ڤیدیۆیی، یەکەمین قۆناغیان بۆ بەربڵاوترکردنی ئامادەکردنی بەرهەمی دیداریدا بڕی.) (سینا، ٢٠١٨، ل ١٢٤)، بەتایبەت بۆ بەرهەمە هونەریی و کەلتورییەکان، ئەمەش وادەکات کە سینەما بەجۆرێکی تر خۆی دەرخات لەم پارچەیەدا و بەتەواوی بکەوێتە دەست هونەرمەندی کورد، چونکە بەش و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەند لە شارەکاندا هاوشان لەگەڵ هونەرەکانی تر و لایەنەکانی تری ژیان، تایبەت بە سینەماش درووست دەبن و حکومەت وەک ئەرکێکی کلتوری بەڕێوەیان دەبات و لە سەرەتادا لە پەنا کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا ئەرکی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی بەشێک فیلمەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فیلمە کوردیەکان، ئەگەرچی لە سەرەتاوە زۆربەی ئەو فیلمانەی کە بەرهەمدەهاتن فیلمی کورت و ڤیدیۆیی بوون و زیاتر تایبەت بوون بە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، بەڵام بۆخۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی هونەرمەندانی دیار و بەرچاو لە بواری فیلم و فیلمسازی دا لە هەموو ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی ناو فیلمێکدا، پێکەوە هونەرمەندانی کورد بەپێی دنیابینی و شارەزاییان لە سینەمادا واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئایدیای خۆیان بۆ دەوروبەرەکەیان، فیلمەکانیان بە هەردوو جۆرەکەی واتە بەڵگەنامەیی و درامی درووستدەکەن. ئیتر لێرەوە هونەرمەندی سینەماکار و دەرهێنەرە کوردەکان لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوناسێک لە نێو سینەمادا کە تایبەتمەندی و دنیابینی خۆیانی تێدا جێ بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بابەتەکانی ناو فیلمەکانی ئەم قۆناغە دەربارەی نەهامەتی و کارەساتەکانن کە بەسەر کورددا هاتوون، واتە لێرەدا هونەرمەند و دەرهێنەری کورد زیاتر بەرەو جۆرێک لە خۆ نمایشکردنەوەی ئازاری نەتەوەکەی دەچێت (فیلمەکانیان جۆرێک لە قاڵبی سیاسی وەردەگرن و دەیانەوێت ئەوەی لە ڕابردوودا نەتوانراوە بکرێت بەهۆی سەرکوتکردنەوە لە ئێستادا بکرێت و بخرێتە چوارچێوەیەکی سینەماییەوە، ئەمەش لەڕێگای هێنانەوەی بابەتەکان بۆ سەردەمی خۆی و دیسان درووستکردنەوەیان بەشێوەیەک کە لەگەڵ توانا و کەرەستە و تەکنیکە بەردەستەکانی بگونجێت و بتوانێت فیلمەکانی بەو جۆرە درووستبکات کە خۆی دەیەوێت، ئەگەرچی ئەم ویستە بۆخۆی پڕە لە ئاستەنگی تەکنیکی چونکە لەژێر ئابڵوقەیەکی ئابووریی و کەلتوری چڕدایە و بە ئاسانی دەستی ناگاتە کەرەستە هاوچەرخەکانی سینەما، بەڵام هەوڵەکان و بەرهەمەکانی دەرهێنەر و هونەرمەندی کورد شایانی ڕێزن، چونکە بۆخۆی بناغەیەکی بەرچاو دادەڕێژێت، لەم نێوانەدا، فیلمسازە کوردەکان بە لەبەرچاوگرتنی زەمینە زیهنییەکان و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نواندنەوەی خراپی کەسایەتی کورد لە فیلمە پێشووەکاندا لە ئاڕاستەی چارەسەری ئەم کێشەیەدا، دەستیان کرد بە درووستکردنی فیلم سەبارەت بە کوردەکان...) (سینا، ٢٠١٨، ل ٢٤١). فیلمسازی کورد دەیەوێت خۆی لەڕێگای فیلمەوە جارێکی تر کەسایەتی کورد بە شێوە و ناوەڕۆکێکی جوان و باشترەوە دەرخات، بە تێچوویەکی کەم پەیامێکی گرنگ کە لە ڕابردوودا لێی بێ بەش بووە بگەیەنێت، دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا دەرهێنەری کورد ئەگەر بە ئاگاییەوە بوویێت یاخود نائاگایی بە تێڕوانین لە فیلمەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان ئەوا زیاتر لەژێر کاریگەری (سینەمای ئازاد یاخود ڕیالیزمی بەریتانی) دا بووە (کە بزووتنەوەیەکی بچووک بوو بەڵام کاریگەرییەکانی بەهێز بوون، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە بەریتانیا سەریهەڵدا، مەبەست لێی دۆزینەوەی نواندنەوەی "گرنگی ژیانی ڕۆژانە بوو" بەجۆرێک کە دووربکەونەوە لە کۆتوبەندە بازرگانییەکان.) (جاکسون، ٢٠٠٨، ل ١٩٣)، چونکە سینەماکە هەژارانەیە و زیاتر بە فیلمی دیکۆمێنتی دەستپێدەکات و بایەخ بەو بابەتانە دەدات کە بەشێکن لە کورد و لە تاکی کورد بەتایبەت کەسانی ئاسایی کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری جینۆساید و ئەنفال و کیمیابارانەکاندا بوون و ئەوان خۆیان بە بەشێک لە ڕووداوەکە دەزانی و زۆرجار بابەتەکان لە دەوری ئەواندا دەخولێتەوە و دەبنە پاڵەوانی فیلمە کوردیەکان (ئەم جۆرە بروالە تەرکیز دەکەنە سەر کەسە کوژراوەکان، مەرگ و خەسارەکان و جەخت لەسەر خراپی دوژمنان دەکەنەوە. لەم جۆرە دیمەنسازییەدا، پێداگری لەسەر چارەنووسی کارەساتبار و ناخۆشی گرووپی خۆیی دەکەنەوە، مەرگ و برینداربوونی کەسەکان بەرجەستە دەکرێتەوە و شایەتی و بەڵگە دیدارییەکانی پێوەندیدار بە گرووپ وەک نیشانەیەک بۆ قوربانی بوون، پیشان دەدرێت) (سینا، ٢٠١٨، ل ١٦٤)، هەروەها گرنگی گرتەکان وەک جۆرێک لە حاڵەتی جوانیناسی تایبەت بە بابەتەکە و نزیکی لە کارەکتەرەکان و ئاشنایی کارەکتەر لەگەڵ دەوروبەریدا دەردەخات، کە

ئەمەش دەبێتە ڕاستەوخۆ پیشاندانی بابەتی مەبەست کە گرێ و تەنگوچەڵەمەی زۆر کەم دەخاتە بەردەم کارەکتەر، بابەتەکە وەک بابەتێکی ئاسایی تەماشا دەکرێت و کارەکتەرەکان دیالۆگی خۆیان دەڵێن، کە ئەم کارە لەوانەیە هەژاری نووسەر و دەرهێنەر بێت لە ئاستی هونەرێکی وەک سینەمادا کە ناتوانن وێنەییانە مەبەستە جوانیناسییەکانی پەیوەست بە سینەما و فیلمەکانیان بگەیەنن لە چوارچێوەیەکی پەیمانداری سینەمایی، یاخود کاریگەری هونەری شانۆیە بەسەر هونەرمەند و دەرهێنەرەکانی فیلمەکانەوە، چونکە بەشێکی بەرچاوی ئەوان لە نێو شانۆوە هاتبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین جۆرێک لە مەبەستی دەرهێنەر و نووسەری فیلمەکان تەماشا دەکرێت چونکە ئەو دەیەوێت بینەری ئاسایی وردە وردە بەرامبەر بە فیلمی کوردی ڕابهێنێت و بتوانێت تا ئاستێکی باش تەماشاکەری فیلمەکە بێت و هەم لەڕێگەیەوە بتوانێت خەیاڵ و دنیابینی مرۆڤی کورد بدوێنێت و ئاشنای بەشێک لە ڕابردووەکەی خۆی بکات. وەک لە فیلمی (بەهەشتێکی سوتاو)دا دەبینین کە ساڵی ١٩٩٥ بەرهەمهاتووە و لە دەرهێنانی (ئاراس ڕەشید)ە. دەرهێنەر دەیەوێت بینەر بە ڕابردووی خۆی ئاشنا بکات بەتایبەت کە کورد وەک قوربانییەکی سەرەکی جەنگی دوو وڵات کە ئێران و عێراقن و لەنێو کاریگەرییەکانی ئەو جەنگەدا کۆمەڵگەی کورد بێ دەستەڵات تەماشاکەر و قوربانیدەرە. لێرەدا وردە وردە سینەما لە باشوری کوردستان خەریکە دەکەوێتە سەرپێ، بەوەی دەیەوێت کارەساتەکان بیرنەچنەوە و بەشێک لە بونیادی فیلمەکانی خۆی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە بە چیرۆک و پاڵەوانی جیاواز درووستدەکات. ڕاستە لەم کاتەدا فیلمەکان بە کامێرای سەرەتایی دیجیتاڵی وێنە دەگیرێن بەڵام ئەوە بۆخۆی وادەکات کە سینەماکار یاخود هەر کەسێک کە ئاشنایەکی کەمی هەیە لەگەڵ هونەری سینەما بتوانێت (چیرۆکە سۆزداری و هەستەکانی خۆی و بۆچوون و فەلسەفەی خۆی دەربڕێت، و هیچ گومانێکیشی تێدا نییە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرهەم و فکری سینەماکارە نەریتییەکان، و سینەماکاری نوێ دەخاتە سەر نەخشەی ئەم هونەرە کە سیمای سەرەکییان بریتییە لە داهێنان بە کامێرای بچووکی دیجیتاڵی و مۆنتاجی دیجیتاڵی) (شيمي، ٢٠١٣، ل ٢٨٤) کە ئەمەش ڕەنگە زیاتر بە هۆکاری ئەو ئابڵوقە ئابوورییە بووبێت کە عێراق لەو سەردەمەدا تێیکەوتووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندان و دەرهێنەرانی سینەمایی لە کوردستان بیر لە ڕێگای ئاسانتر بکەنەوە و بە تێچووی کەمتر فیلمەکانیان درووست بکەن.

لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا فیلمە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرە بەرە ڕێچکەی خۆیان دەدۆزنەوە و بەرهەمهێنان و بودجەی فیلمەکان کەمێک زیاتر دەبن، ئەویش بەهۆی کرانەوەی وڵاتی عێراق بەرووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لابردنی ئابڵوقەی ئابووریی لەسەری، لەم ماوەیەدا فیلمی بڵندی سینەمایی درووستدەکرێن، و ڤیستیڤاڵی سینەمایی لە شارەکاندا سازدەکرێن و فیلمسازان و دەرهێنەران دەکەونە پێشبڕکێ لە ڕووی ئاستی فیلمەکانەوە لە بواری جوانیناسی و تێگەشتن لە بابەتەکانی دەوروبەریان و بابەتی نێو فیلمەکانیانەوە، ئەمەش وا دەکات هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێکی گرنگی درووستکردن و نمایشکردنی فیلمە کوردیەکان بۆ دەرهێنەرانی پارچەکانی تری کوردستان و کوردانی دانیشتوی ئەوروپا، (ئەگەرچی هونەری سینەما و فیلمسازی لە جیهانی ئێمەدا دیاردەیەکی نوێیە. بەڵام، جیاهنبینیەکی کاریگەریشە لەسەر مرۆڤی کورد، بەتایبەت نەوەی نوێی ئەمرۆ. لە کاتێکدا، ئەم هونەرە وەکو خۆی لەنێو کلتور و ئاگایی گشتی کۆمەڵدا بەتەواوەتی جێنەکەوتووە. جگەلەوەی ئەمە جۆرێک ڕێخۆشکەر نەبووە بۆ گەشە و پەرەسەندنی سینەمای کوردی. هەروەها، لەبەرئەوەی سینەما نەخراوەتە سەرتۆپی فاکتەرەکانی گەشەی کولتوری لە سیاسەتی فەرهەنگسازیدا.) (جەمال، ٢٠٢٠، ل ١٢٨)، هەر لەم قۆناغەدا فیلمەکان زیاتر گرنگی بە ڤێستڤاڵە نێو خۆیی و نێودەوڵەتیەکان دەدەن و بینەرانی گشتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەلا دەنێن، ئەم کاریگەر بوونە ڕۆڵی خراپ دەگێڕێت لەسەر دەرهێنەر و وادەکات تەنها هەواڵ و بەشداری فیلمەکەی لە ڤیستیڤاڵەکاندا بەلاوە گرنگ بێت وەک لەوەی کە بابەت و فۆڕمی فیلمەکەی دەیەوێت چی پەیامێک بگەیەنێت یاخود چۆن ئەو پەیامە بگەیەنێتە بینەرەکەی، وەک بەرهەمهێنەر (مەمەد ئەکتاش) دەڵێت (دەرهێنەری کورد هەیە، فیلمی کوردی هەیە، بازاڕی سینەمای کوردی نییە، ئەمرۆ لە کوردستان کە فیلم بەرهەم دێ هەرکەس چاوی لە ڤیستیڤاڵە، خەڵک دەبیێ بەهەمەنی قوبادی فیلمی بەرهەمهێناوە، کاتێک ئەو دەچێتە کان یان ڤیستیڤاڵی سان سباستیان، یان کوردستان تیڤی هەواڵێک لەسەر فیلمی شەوکەت ئەمین لە ڤیستیڤاڵی دوبەی دەبینێ و حەزدەکا ئەویش وابێ، ئەوە هەڵەی هەرە گەورەیە، لە هەموو دنیا کەسێک کە کاری سینەما دەکا بەر لە هەموو شتێک لە وڵاتی خۆی دەزگا و میکانیزم و سیستەمێکی سینەما دادەنێ) (مەلاهەمزە، ٢٠١٠، ل ٤٦)، بۆیە دەبینین کە فیلمە کوردیەکانی سەرەتای ساڵانی دووهەزار زیاتر ئاڕاستەیان بەرەو دەرەوەی کوردستان بووە، و دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران ویستویانە وەک جۆرێک لە شەرعیەتدان بە فیلمەکانیان بەشداری بکەن لە ڤیستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکانی دەرەوەی کوردستان و عێراق، کە ئەمەش هەرچەندە حەقێکی شەرعی خۆیانە، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەکات گرنگی بە بینەری ناوخۆیی نەدەن و تەنها بیر لە دەرەوە بکەنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەرهەمهێنان، کە وا دەکات بەشی پێویست داهات لە فیلمەکەوە نەگەڕێتەوە، و هەروەها کورد وەک بینەر ئاشنایی کەمتر هەبێت دەربارەی فیلمەکان، و تەنها لە چاوی ڤێستڤاڵەکانەوە ئاشنای فیلمە کوردیەکان دەبێت و ئەمەش کاریگەری نەرێنی دادەنێت لەسەر تێڕوانینی کورد دەربارەی دەرهێنەرەکان، چونکە ئەوان لە چاوی کەسانی دەرەوەی کوردەوە بە دەرهێنەران ئاشنا دەبن و تەماشای کارەکانیان دەکەن، واتە هەرچی زۆرتر و باشتر و بە ئەنجامی باشترەوە فیلمەکان لە ڤیستیڤاڵەکان بێنە دەرەوە ئەو دەرهێنەرە باشتر تەماشا دەکرێت لەلای بینەری کورد، کە ئەمە دەبێت پێچەوانە بێت، چونکە دەبێت دەرهێنەری کورد یەکەمجار چاوی بینەری کوردی لەلا گرنگ بێت و هەڵوێست و دیدگای ئەو بخاتە پێش هەموو شتێک، ئەمەش وا دەکات کە کاریگەری لەسەر دەرهێنەر هەبێت چ لە ڕووی بابەتی داهاتووی فیلمەکەی چ لە ڕووی شارەزایی لە خواست و ویستی کۆمەڵگە و کێشەکانی ناوی و خستنەڕووی ئەو کێشانە بە شێوازێکی جوانیناسی ئەوتۆ کە بینەر بە گرنگیەوە تەماشای بکات و هەڵیسەنگێنێت و کاریگەری دابنێت.

## ٢_٢دەرهێنەری کورد و ڕێچکەگرتن

قوتابخانەکانی دەرهێنانی جیهانی بە شێوەیەکی ڕوون کاریگەریان هەبووە سەر ئایدیا و ئاکتەر و سیناریۆو ڕوانگەی گشتی دەرهێنەر، بەهۆی تەماشاکردنی فیلمە کوردیەکان دەتوانین بڵێین دیدگای دەرهێنەرەکان کە باگگراوندی زانستی و خوێندنەوە و ئایدیان زیاتر نزیک دەبێتەوە لە قوتابخانەی واقعی، کە زۆر شارەزایانە لە دروستکردنی فیلمدا دەچێتە نێو بناغەی فێربوون و خۆی لە ناخی هونەرمەندانی سینەمادا دەچێنێت. ئەوە وایکردووە کە دەرهێنەرانی کورد خۆیان بە بەرپرس بزانن بەرامبەر بە مێژووی سینەمای کوردی کە دەبێتە ئەرکێک لەسەر شانیان بۆ گواستنەوەی ژیانی ڕاستەقینەی کورد لە کوردستانی عێراق. بە شێوەیەک کە واقعیانە بوارەکانی کات وشوێن و جل و بەرگ و دیالۆگ دەرخەن ونمایشی بکەن، هەر دەرهێنەرێک بەدەرنییە لە کاریگەری دۆخی گشتی، وەک دۆخە کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوورییەکان، و پاشان دۆخی گشتی سیاسی کورد کە وایکردووە ئەو فیلمانە بە جۆرێکی جیاواز ئامادە بکرێن بۆ نمایش (بەدڵنیاییەوە فیلمە سینەماییەکان ڕەنگدانەوەی کلتورن، ئەگەر مەبەستمان لە کلتور: شێوازی ژیان، و بەها باوەکانی نێو کۆمەڵگە بێت، ئەوا مەودای ئەو کاریگەرییە لە چڕیی و قوڵی ئەو فیلمانەدایە کە دەرهێنەران درووستیان دەکەن و خاوەن هۆشیاریی و تێگەیشتنی جیاوازن، تەنانەت بەو بەشە واقعیەی وێنەشەوە کە هیچ سینەماکارێک ناتوانێت بەسەریدا تێپەڕێت، هەتا ئەگەر بشیەوێت خۆی لە کۆمەڵگاکەی دابڕێت) (الفقي، ٢٠٢٠، ل ٨٨)، لەم ڕوانگەیەوە درووستکردنی هەر جۆرە فیلمێکی کوردی دەکەوێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری دەرهێنەران و هەر دەرهێنەرێکیش توانای درووستکردنی فیلمەکەی لە باگگراوندی ڕۆشنبیری خۆی و لە تێگەشتن و خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگەوە دێت، چەند خوێندنەوە و تێگەشتن و بۆچوونی دەربارەی کۆمەڵگەکەی خۆی لە بواری سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە زۆربێت دەبێتە پشتیوانیەک بۆ درووستکردنی فیلمێکەی، نەک جۆرێک فیلمی ئاسایی بەڵکو فیلمێکی بەنرخ کە دواڕۆژ هەڵگری ئایدیایەکی جیاواز و بەنرخ بێت بۆ کۆمەڵ، چونکە فیلم لە بنەڕەتدا دەبێتە بەڵگەیەک کە هەڵگری کلتور و ڕۆشنبیری و جل و بەرگ و هەڵسوکەوتی کەسەکان و پێناسەی ئەو شوێن و کاتەی کە تێیدا وێنەی گیراوە، ئەمەش زۆر گرانە بۆ دەرهێنەرێکی بێ باگگراوند، لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی دەرهێنەر بەرامبەر کۆمەڵگاکەی قورسە، چونکە بەرپرس دەبێت بەرامبەر بینەر و مێژوو. (کارەکە خراپتر دەبێت کاتێک چارەسەرە فکری_هونەرییەکە لە نێو خۆیدا دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی تەنها بۆ جەماوەری فیلمەکە، ئەوەش لە کاتێکدا وا دەگەیەنێت کە لەنێو پلان و هاوکێشە نەگۆڕەکاندایە. لەگەڵ ئەوەی هەر فیلمێک پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکێک لە خۆ دەگرێت، بەمەش کۆمەڵێک زانیاریی ڕیزکراو و بەیەکداچووش لەخۆ دەگرێت، کە چارەسەرە فکری_هونەرییەکەی لە دەربڕینی ناوەڕۆک و قەبارە و جۆرەکەی تێناپەڕێت، و لەسەر ئەم بنەمایەش تەماشای چەمکە هەڵواسراوە مەعریفیەکەی دەکەین) (نوار، ٢٠١٢، ل ١٤ )، درووستکردنی فیلم بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و ئەوەش شتێکی ئاساییە لە بنەما و ڕێزمانی تایبەت بە سینەما، هەموو فیلمێکیش دەبێت چارەسەری خۆی هەبێت کە بە بیر و دیدگا کۆنترۆڵ دەکرێت، و لە ڕێی دوو خەسڵەتەوە پەیوەندیش درووستدەکات یەکێکیان تەکنیکی و دووەمیان ئەرکە، بنەمای ئەمەش دیدگای دەرهێنەرە بەرامبەر دیدگا و ڕوانینی بینەران، کە چ جۆرە بینەرێک مەبەستن بۆ ئەوەی فیلمەکە ببینن، چونکە فیلم کۆنترۆڵی سیاقی پلانەکان دەکات و دەکەوێتە ژێر هاوکێشە چەسپیوەکانەوە، و هەموو جۆرێکی فیلم لەنێو چوارچێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی تایبەت بە خۆیدایە، هەروەها پێکدێت لە کۆمەڵێک لە پێکداچوون و هەڵگری کۆمەڵێک زانیاری بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگاتە چارەسەرکردنی گشتی ئەو ئایدیایەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی دەربڕینی تێگەشتنی پەرچدانەوەی واقعی ناوەڕۆکی فیلمەکە دەرناچێت، (هونەری فیلمی سینەمایی سەرەتا ڕووکاری خۆی درووستدەکات، ئەگەر کامێرا و کەرەستە میکانیکییەکانی بە تەنها جێبهێڵیت دەستەوەستان دەبێت لە درووستکردنی هەرجۆرە وەهمێکدا، چونکە پێویستی بە دەستێوەردانی درووستکەری فیلمەکە هەیە بە هەموو کارامەییە تەکنیکی و هونەرییەکانیەوە) (ستیڤنسون، ١٩٩٣، ل ٣٩)، لەم ڕوانگەیەوە لە فیلمی کوردیدا کۆد و ئاماژەی جیاواز دەبینین کە ئەمەش تایبەتمەندە بە زانستی سیمیۆلۆجیا، وەک دیالۆگەکان بە زمانێکی تایبەت (زمانی کوردی)، یاخود جلوبەرگ کە دەستنیشانی جۆر و ئاستی کۆمەڵگەکە دەکات لەگەڵیشیدا شوێن و کات دیاری دەکات، لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیشدا دەبینین وەک سەما و هەڵپەڕکێ یاخود ڕووداوێکی ئەو کاتە، کەواتە (ئەو زانیاریانەی کە لە فیلمی سینەماییەوە وەریاندەگرین تەنها زانیاری سینەمایی نین، بەهۆی ئەوەی کە فیلم پەیوەندی بە جیهانی ڕاستەقینەوە هەیە، و ئەگەر بینەر نەگەیەنێتە ئاستێک کە جیاوازی لەنێوان ئەم شت یان ئەو شتیان بکات لە نێو شتە واقعییەکانی دەوروبەری خۆی ئەوا فیلمکە خاوەن تێگەشتنێکی ڕوون نییە، و ئیتر چۆن دەبێتە ئاماژەیەک بۆ پێکهاتەی جیاواز لە پەڵەی ڕووناکی سەر سکرین) (لوتمان، ١٩٧٩، ل٦٠)، دەتوانین بڵێین دەرهێنەرەکانی کوردستان ئەم ئایدیا و فکر و زمانە سینەماییەیان خستووەتە ناو فیلمی کوردی، کە ئەمەش سیمایەکی تایبەت بە کەسایەتیەکانە، (گرنگی سینەما لەوەدا نییە کە وێنەی جوڵاوی ڕەنگدار دەخاتە پێشچاو، ئەوەش نا کە توانای فریودانی بە واقع و حەقیقەت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سینەما تایبەتمەندییەکی تری هەیە، تایبەتمەندییەک کە تا ڕادەیەک لە شانۆشدا بوونی هەبووە، بەڵام بە هێندەی ئەو کاریگەرییە نا کە لە سینەمادا هەیە، تایبەتمەندییەکە وا لە بینەر دەکات هەستبکات کە تەماشای ئێستا دەکات، ئەوان وا دەزانن کە ڕووداوەکان ئێستا لەسەر سکرین لە پێشچاویان ڕوودەدەن، بە شێوەیەکی یەکسان بۆ ئەو فیلمانەی کە ڕووداوەکانیان باسی ئەم سەردەمە دەکەن، یان هەڵگری چیرۆکێکن کە ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە نێو مێژوو یاخود لە داهاتوو دەکۆڵنەوە.) (مدانات، ٢٠٠٧، ل٩)، جارێکی تریش کە دەڵێین دەرهێنەری کورد ئەو کەسانەن کە هەڵگری بیر و ئایدیا و باگگراوندی ڕۆشنبیری و هەڵگری کێشەکانی کۆمەڵگەن و زۆرینەی کێشەکانی کۆمەڵ بە شێوەی درووستکردنی فیلمی سینەمایی دەردەبڕن کە پێی دەڵێن فیلمی کوردی، هەر پەرچدانەوەیەک کە کاریگەری هەبێت لەسەر دەرهێنەرەکە لەنێو فیلمەکە ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە چەند ئەو دەرهێنەرە کوردانە پابەندن بە ڕۆشنبیری سینەمای جیهانی لە بواری بینین و خوێندن و پەیوەست بوونیان پێوەی. ئەوەش زیاتر ڕەنگدانەوەی سینەمای ڕیالیزمە، (مەبەستەکەش لێرەدا پەیوەست نییە بە شەفافی و بێلایەنی یاخود سینەمایەک کە وەک ئاوێنە ڕەنگبداتەوە، بەڵکو چیتر ڕیالیزم لە ناخەوە پەیڕەو دەکرێت لە ڕێگەی خود دەربڕینێکی چڕەوە تا ئەوپەڕی و گەڕان بە شوێن فۆڕمێک کە زمانی سینەمایی بەشێوەیەکی فراوان دەوڵەمەند بکات.)(پریدال، ٢٠٠٤، ل٦٣٩ ) لەم ڕوانگەیەوە دەرهێنەرانی کورد لەنێو فیلمەکانیاندا ئازاد دەبن و بە ئازادی بۆچوون و ئایدیاکانیان دەگەیەنن لەڕێی فۆڕمگەلی جیاواز، هەروەها کاریگەریان دەبێت لەنێو کۆمەڵدا، یاخود کێشەکانی کۆمەڵ و کەلتوری کوردیی بگەیەننە نێو کۆمەڵگەکانی دەرەوە و ئاشنای بکەن بەجیهان، ئەمش بە پشتبەستن بە تێگەشتن و خوێندنەوەکانی خۆیان بۆ واقعی ژیانی نێو کوردستان و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کاریگەرییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان بەگشتی لەنێو کۆمەڵدا و دووبارە دارشتنەوەیان لەنێو فیلمدا، ئەمەش وەک کاریگەربوون بە قوتابخانە و ڕێبازە جیاوازەکانی ڕیالیزم دەردەکەوێت کە لەنێو فیلمەکانی ئەم قوتابخانەیەدا دەردەکەوێت و دەبینیت زۆربەی فیلمەکان هەڵگری کێشەکانی کۆمەڵگان و ئاستی ژیانی کەسەکان ڕوون دەکەنەوە و ئەکتەرەکانیش وەک بەشێکی دانەبراو لە کۆمەڵ دەردەکەون، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە ڕەنگدەداتەوە لە فیلمی واقعیدا. (بۆ پێکهێنانی وێنە پێویستیمان بە توخمە وێنەییەکانە، کە وێنەش لە هەندێک مەودای چەق کوری دیاریکراودا بەدەست شێواندنێکی ناچاریەوە دەناڵێنێت، کە ئەو شێواندنەش هەمیشە بێ تاوان و لە خۆوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناساندنە پشتگیری لە تیۆرییە ڕیالیستیەکان ناکات، بەڵکو دەیانخاتە نێو جۆرێک لە گفتوگۆوە.) (فینتورا، ٢٠١٢، ل ٢٤)، دەرهێنەر لە درووستکردنی فیلمی سینەمایی دیمەنی جیاواز بەکاردەهێنێت، ئەمەش لەسەر بناغەی درووستکردنی فیلمی سینەماییە چونکە پێویستە پێکهێنەرە وێنەییەکانی وەک مەودای سەرچاوەکان بەکاربهێنین بە مەبەستی درووستکردنی شتێکی بە واتا و بەنرخ، لەبەرئەوەی فیلم هەمیشە پێویستە واتایەک ببەخشێت، وەک جۆرێک لە پرسیار و وەڵام کە لە هەندێک حاڵەتدا پیویستی بە ڕوونکردنەوەیە، لە زۆر حاڵەتیشدا پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات چونکە وێنەکە خۆی باسی خۆی دەکات (دەکرێت بینەر لەوە تێبگات کە دەرهێنەر ویستوویەتی چی بڵێت یاخود بە پێچەوانەوە بە هەڵە تێبگات. بینەر بەپێی ئاستی سەرنج و ئاستی چێژ و پەروەردە و ڕۆشنبیری و بۆچوونە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیدگا تایبەتەکانی، دەتوانێت لە نێو خودی وێنەکەدا واتای زۆر و هەمەچەشن ببینێت) (مارتن، ٢٠١٧، ل ٣٤)، ئەمەش داهێنانی دەرهێنەرە بۆئەوەی بکەوێتە ناو جۆرێک لە گەنگەشە و گفتوگۆی دیالێکتیکی لەگەڵ بینەرەکەی، ئەم گفتوگۆیە مەودایەک دەدات بە بینەر تاوەکو فیلمەکە هەڵسەنگێنێت لەو کاتەی کە بەراوردی دەکات لەگەڵ جۆری ژیانی خۆیدا، ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆنیەتی پیشاندانەوەی تواناکانی خۆی وەک دەرهێنەر لەنێو فیلمەکەیدا، لەوەی کە ئایا تێگەشتنی بۆ واقعەکەی چۆنە و ئەو واقعەش چۆن ڕەنگیداوەتەوە لە فیلمەکەدا بە شێوەیەکی هونەری، چونکە هونەر فراوانتر و گشتگیرترە لە کۆمەڵگا، فیلمی سینەمایی هەمیشە توانای ئەوەی هەیە بگاتە دەست هەمووان، لەبەرئەوەی بەتەواوی کەرەستەی ئاگایی مرۆڤ بەکاردەبات، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە لەپەنا زمانی گێڕانەوە و نووسراودا خۆی نزیک دەکاتەوە لە وێنە و جوڵە و دەنگەکان و لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتی دا دەبەستێت. (رابجیر، و شیریر، ٢٠١٨، ل ٢٤٣)، هونەری سینەماش لەو جۆرە هونەرانەیە کە شتەکان بە فراوانی وەردەگرێت و لە ئاستی ئایدیا و بیروباوەڕدا کاردەکات و هەموو جۆرە خەیاڵێکی تێدا جێ دەبێتەوە. سەرکەوتووترین جۆری خەیاڵ لەلای دەرهێنەری کورد و لە نێو فیلمە کوردیەکاندا ئەو خەیاڵەیە کە پێی دەڵێن خەیاڵی ڕیالیزم، کە هەڵهێنجراوی واقعی ناو کۆمەڵگەیە بە دیدێکی تاکەکەسیانە و باوەڕ و ئایدیای خودی دەرهێنەر، کە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە تێیدا ڕەنگدەداتەوە. وەک ئەو دەرهێنەرانەی کە باس لە ژیانی کۆمەڵگە بە گشتی و کاریگەری کۆمەڵگەو تاکەکان بەسەر یەکترەوە لە فیلمەکانیاندا دەکەن، ئەو دەرهێنەرانەش هەریەکێک بە جۆرێک کاری کردووە و جیاوازی خۆی دەرخستووە، ئەمەش بووەتە هۆی دەرکەوتنی شێوازە جیاوازەکانی فیلم و دەرهێنەرە جیاوازەکان.

## بەشی سێیەم

## فیلمی (هەزار و یەک سێو) دیدگایەکی هێماگەریانە بۆ واقع:

فیلمی کوردی (١٠٠١ سێو – ١٠٠١Apples) بەشداری لە چوار ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کردووە و بووەتە براوەی دووخەڵات (خەڵاتی باشترین فیلم لە ڤیستیڤاڵی بەڵگەفیلمی ڕۆما) و (خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەنامەیی لە ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک).
ستافی ئامادەکردنی فیلمی دیکۆمێنتی بلندی (هەزار و یەک سێو) بریتین لە: نووسین و دەرهێنان: تەها کەریمی، وێنەگر: مێهدی ئازادی، دەنگهەڵگر: ئەرەستوو مەفاخری، مونتاژ: هەردی قادر، دەنگدانەر: ئارش ڕەساقی، یاریدەدەری دەرهێنەر: کارزان کاردۆزی، بەڕێوەبەری بەرهەم: سەیوان سەعیدیان، فۆتۆگرافەر و یاریدەدەری بەرهەم: ئەوین شەریفی، راوێژکار: عومەر محەمەد، یاریدەدەری وێنەگر: گەیلان ئەحمەد، پۆستەر: ڕووناک ڕەسووڵپوور، بە بەشداری دەربازبووانی ئەنفال: فەرەج، عەبدوالقادر، هاشم، کەریم و ئەبابەکر، گێڕانەوە: فەرەجی تۆپخان. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنیی گشتیی: هاوڕێ کەریمی.
بەرهەمهێنان: کۆمپانیای (ئاوا میدیا) و تەها کەریمی و بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری گەرمیان و وەزراەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

## ١-چیرۆکی فیلم

تەنها (١٣) کەس توانیان بە برینداری لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕزگاریان ببێت. لە کاتێکدا ئەوان شایەتی ئەو تاوانە گەورەیە بوون. سێ کەس لەم (١٣) شاهیدە ئێستا لە ژیاندان نەماون و تەنیا (١٠) شاهید زیندوون و فیلمی (هەزار و یەک سێو) چیرۆکی ئە وان بۆ بینەر دەگێڕێتەوە، ئەوان پێیان وایە ئەو ڕۆژە ئەرکیان تەواو دەبێت کە کۆی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە دنیادا ئەو وشەیەیان سێرچ کردبێت. کاری دووهەمیان ئەوەیە کە هەر ساڵێک، هەزار و یەک سێوی مێخەکرێژ بنێرن بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداربوون لە تاوانی ئەنفالدا، یاخود بێدەنگ بووان لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیەی مرۆڤایەتییدا. ئەوان بۆ یەکەمجار و لەم فیلمەدا هەزار و یەک سێو دەنێرن بۆ شاری هەزار و یەک شەو واتە (شاری بەغدا)، کە بڕیاری ئەو تاوانەی لێدرا و ... وەک پەیامێک بۆ بیرنەچوونەوە و ئاشتی و دووبارە نەبوونەوەی.

٢-ڕیالیزمی هێماگەری و شیکردنەوەی فیلمی (هەزار و یەک سێو)

کاتێک دەڵێین سینەما هونەری واقعە ئەوا بەشێکی گرنگ لە گواستنەوەی واقع لە ڕێگای هێما و گوزارشتە هێماییەکانەوە دەبێت و دەرهێنەر پشت بەو هێمایانە دەبەستێت بۆ دەوڵەمەندکردن و گەیاندنی پەیامی گشتی فیلمەکەی، درووستکردنی ئەو هێمایانەش هەروا

له خۆوه نییه و دەبێت دەرهێنەر ئاگاداری چۆنیەتی بەکارهێنانیان بێت له نێو فیلمەکەدا (له ڕێگای واقعەوه ڕەمزەکان به شێوەیەک هەڵدەهێنجرێن که ئەو هێمایانه بەلایەنی کەمەوه واقعی ماددی خۆیان لەدەست نەدەن ئەمەش بەبێ گەڕانەوه بۆ ڕووتکردنەوه یاخود هێما ڕووتەکان له بەستنەوەی هۆکار و بابەت لەگەڵ واقعدا) (ثامر، ٢٠١٦، ل ١٣٩) مادام ئەم شێوازە قوتابخانەیە پشت به واقع دەبەستێت و دەیەوێت له ڕێگای بەهێماکردنی واقعەوه بابەتەکان بگوازێتەوه ئەوا دەرهێنەر هەم له لایەنی بابەتیەوه واقع دەکات به هێما هەم له ڕووی فۆڕمەوه، چونکه دواجار دەرهێنەر بەم هێمایانه دەیەوێت واقع به شێوەیەکی جوانیناسیانەی نوێ پیشان بداتەوه و ڕێچکەی خۆی له فیلم و سینەمادا به جۆرێکی نوێ بدۆزێتەوه، ئەم هێمایانەش له فۆڕمی فیلمەکەدا به نموونه له گۆشەی کامێرا یاخود قەبارەی گرتەکانەوه دەستمان دەکەون، یاخود کاریگەری موزیک درووستی دەکات یان کەرەستەیەکی بەکارهاتوو لەنێو فیلمەکەدا جا چ دیکۆر بێت یاخود هەر کەرەستەیەکی تر، ئەمەش به ئاماژە دان به هێمایەکی دیاریکراو یاخود چەند هێمایەک که دەکرێت دەرهێنەر به مەبەست لەنێو فیلمەکەیدا درووستیان بکات و نمایشیان بکات (به شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی هێما له فیلمدا پێکدێت له گۆڕینی شتێک یان جوڵەیەک یاخود ڕووداوێک بۆ نیشانەی دال، یاخود بۆ ئاگایی له بوونی ئاسۆیەک له پشت ئەو شتەی که ئاشکرایه به بەرکەوتنی وێنەکان پێکەوه، یاخود به هەڵبژاردنی ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی که خاوەن تایبەتمەندی زیاتری مرۆڤایەتین) (مارتن،٢٠١٧، ل ١٢٠) کەواته ئەم قوتابخانەیە واقع دەکاته چەقی هێماکانی و له قاڵبێکی درامی وێنەییدا بابەت و پەیامەکانی دەخاته سەر پەردەی سینەما و دەیگەیەنێته بینەر، ئەرکی بینەریش ئەوەیه ئەو هێمایانه بشکێنیت و له زهن و بیری خۆیدا لێکدانەوەیان بۆ بکات و تێیان بگات و بەباشی هەڵیان بسەنگێنێت بۆئەوەی به دنیابینییەکی نوێوه تەماشای دەوروبەرەکەی و له ڕووداوەکانی دەوری خۆی تێبگات.

دەبینین دەرهێنەر لەڕێی هێماکانەوه واقع جارێکی تر بەرجەسته دەکاتەوه، که دەتوانین بڵێین ئەمه کاریگەربوونه به (ڕیالیزمی هێماگەری) بەو تێگەشتنەی که، (هێماکان شتگەلێکی دەرەکین، پێدراوی ڕاستەوخۆن که ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیریماندا له پەیوەندیدان، بەڵام ئەم شتانه وەک بوونی سەربەخۆی خۆیان وەرناگیرێن، بەڵکو به واتای فراوانتر و گشتگیرتر وەردەگیرێن. پێویسته هێماکان دیاری بکەین بۆ: واتا و دەربڕین. واتاکان پەیوەستن به نیشاندان یاخود بابەتەوه، که ناوەڕۆک چۆن دەنوێنن. دەربڕینەکانیش بوونێکی هەستەوەریانەن یاخود له شێوەی وێنەیەکدان.) (هیغل،١٩٨٦، ل١١) بەم ڕێگایەش دەرهێنەر هەوڵدەدات جۆرێک له کۆد و مامەڵەی جیاواز بەکاربهێنێت له فیلمەکەیدا بەوەی که واقعێک هەیه و ئەو دەیەوێت به ڕێگایەکی جیاوازتر بیگێڕێتەوه، ئایدیا و تێگەشتن و ڕوانینی خۆی و خەیاڵی جوانیناسیانەی خۆی تێکەڵ بکات، باسکردنی ڕووداوەکان لەلای کەسانی ئاساییه ئەوان دەبنه پاڵەوان له فیلمەکەدا، ئەمەش وا دەکات که فیلمەکه تەنها نەبێته فیلمێکی درامی بەڵکو به کاریگەر بوون به ڕووداوێکی دەستەجەمعی که بەسەر گەلی کوردا هاتووه، دەرهێنەر هەوڵدەدات فیلمەکه تێکەڵەیەک بێت له درامی و دیکۆمێنتاری و ببێته فیلمێکی دیکۆدرامی، چونکه بەشێکی گرنگ له فیلمەکه ئایدیا و تێگەشتنەکانی دەرهێنەر سەبارەت به ڕووداوەکه دەیباته پێشەوه، که دەرهێنەر (تەها کەریمی) تێیدا هەوڵی کۆمەڵێک لەوکەسانه دەردەخات که له کارەساتی ئەنفال ڕزگاریان بووه و ئێستا دەیانەوێت هەزار و یەک سێو مێخەکڕێژ بکەن و وەک نیەتێکی ئاشتیخوازانه و لێبوردەییانه بیدەنه دەم ڕووباری دیجله بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێڕاق.  سێوی مێخەکڕێژ لەنێو فیلمەکەدا وەک هێمایەکی کوردەواری و کەلتوری کوردی دەبێته بابەتی نێو فیلمەکه، چونکه وەک ئاشکرایه که سێوی مێخەکڕێژ هێمای ئاشتی و یەکتر قبوڵکردنه لەنێو کەلتوری کوردیدا، و وەک کەرەستەیەکی کەلتوری که گەلی کورد لەسەری کۆکن بەکاردەهێنێت، چونکه به چەند دیمەنێکی جیاواز دەبینین که سێوەکان بەسەر ئەو ماڵانەدا دابەشدەکرێن که کەسوکاری ئەنفالن و هێندەی کەسه ئەنفالکراوەکانیان سێویان پێ دەبەخشن بۆ ئەوەی مێخەکڕێزیان بکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەم فیلمه پێکهاتەیەکی چیرۆکیی فیلمی دیکۆمێنتاری هەیه، بەڵام ئەو هێمایانەی که خراونەته نێو فیلمەکه بۆخۆی ئاماژەن بۆ نیەتێک له ڕەوتی ژیانی کوردستانیان و بەڕێگای ئاوی دەگوازرێتەوه بۆ ناوچەکانی تری عێڕاق. هەر له ناونیشانی فیلمەکەوه تەماشا بکەین که (هەزار و یەک سێو)ه، تێدەگەین که دەرهێنەر به وەرگرتنی ناوی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوه)  دەیەوێت دیسان ئاماژەیەکی نوێ بنیادبنێت دەربارەی تاوانی ئەنفال، که ئەگەرچی لەوێ (شەهرەزاد) کارەکتەری سەرەکی و گێڕەرەوەی چیرۆکەکان له هەزار و یەک شەوەدا، وا دەکات پادشا (شەهریار) بۆچوونی بگۆڕێت و چیتر ژنان نەکوژێت له پێناو مانەوەیدا چیرۆک دەخولقێنێت. بەڵام لەنێو فیلمی (هەزار و یەک سێو) کارەکتەرەکان ماونەتەوه و چیرۆکەکانیان دەنێرنه شاری بەغداد (شاری هەزار و یەک شەوه) و وەک شایەدێک و بڕیاردەر له ڕوودانی کارەساتی ئەنفال دەیناسێنن. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی ئامرازی ئینتەرنێت بۆ ناساندنی ئەم تاوانه له جیهاندا، وەک ئەوەی که ئەکتەرەکان دەیانەوێت که کۆی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەدوای تاوانی ئەنفالدا بگەڕێن. لێرەدا دەرهێنەر دەیەوێت کارەساتەکه به جیهانی بکات چونکه وەک له گرتەی نزیک Close Upی مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکه دەیبینین که به زمانی ئینگلیزی نامەیەک دەنووسرێت، بەو ئاماژەیه دەیەوێت ئەوه دەربخات که ئینتەرنێت ڕێگایەکی ئاسانتره بۆ ناساندن لەم سەردەمەی ئێستاماندا چونکه مرۆڤەکان هێنده له نێو دنیای مەجازیدا هەن و دەگەڕێن، هێنده لەنێو ژیانی ڕاستەقینەدا نین. ئەکتەرانی نێو فیلمەکه هەموویان کەسانی نێو ژیانه ڕاستەقینەکەن و خۆیان خاوەن چیرۆکەکەن، بەڵام دەرهێنەر له ڕێگای کۆمەڵێک سێو که مێخەکڕێژکراون وەک هێمایەک دەیەوێت جۆرێک پەیامی ئاشتەوایی و لێبوردەیی بۆ ئەوانه ڕەوانه بکەن که له خوارووی جوگرافیاکه دەژین، بەمەش دەڵێن ئێمەی قوربانی هیچ کاتێک کێشەیەکمان لەگەڵ ئێوه نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ ئەو جۆره بیرکردنەوەیه هەیه که دەیەوێت ئێمه نەهێڵێت و بمانسڕێتەوه. کامێرا لەگەڵ ئەوەی هەستێکی تۆماریمان پێ دەبەخشێت لەوەی که ڕاستەوخۆ دەچێته بەردەم کەسەکان و دەیاندوێنێت و قسەمان بۆ دەکەن، لەگەڵیشیدا سروشت دەکاته بەشێکی گرنگی فیلمەکه له ڕێگای گرته فراوان و گەورەکانیەوه، بەمەش دەیەوێت کارەکتەرەکانمان به خۆیان و دەوروبەرەکەیانەوه بناسین و تێبگەین که چۆن و له کوێدا دەژین، زمانی کارەکتەرەکان زمانێکی سادەی گشتییه و هەمووان دەتوانن به باشی تێی بگەن و هیچ زیادەڕەویەکی نه خراوەته سەر دیالۆگەکان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دەرئەنجامەكان

١. قوتابخانەكانی دەرهێنانی سینەمایی بەكاریگەری شێواز و قوتابخانەكانی تری ئەدەب و هونەر لەنێو سینەمادا سەهەڵدەدەن، ئەوەش لە ئەنجامی لە چوارچێوەگرتنی كاری دەرهێنەران لە نێو تیۆرییە سینەماییەكان لەلایەن ڕەخنەگران و شیكەرەوانەوە.

٢. قوتابخانەكانی دەرهێنانی سینەمایی بە دوو ئاراستەی سەرەكی گەشەیان كردووە ئەوانیش؛ ریالیزم و ئێكسپرێسیۆنزمن.

٣. پێشكەوتنی چەمكی دەرهێنان لەنێو سینەمادا وایكردووە ئەو هونەرە وەك هونەرێكی سەرەكی و بایەخدار لەنێو دنیادا بەربڵاوبێت چی لە ڕووی هونەریی و چی لە ڕووە پیشەسازیەكەی سینەما.

٤. كاتێک لە ساڵی ١٩٩١وە بەشێک لە كوردستانی باشوور ئازاد دەبێت، كاری سینەمایی بەرەبەرە بەرەپێش دەچێت و دەرهێنەران بە هاوكاری كەناڵە تەلەفزیۆنییە كوردییەكان و حكومەتی هەرێم دەتوانن ئازادییەكی بەرچاو بەدەستبهێنن لە درووستكردنی فیلمەكانیاندا.

٥. لە هەر وڵات و شوێنێک بەشێوازی تایبەتمەندی كەلتوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بەوێ ئەم قوتابخانانەی دەرهێنانی سینەمایی دەردەكەون، دەرهێنەری كورد بەم كاریگەرییە دەیەوێت ڕابردووە كارەستابارەكەی لەنێو فیلمەكانیدا بنوێنێتەوە.

٦. دەرهێنەری كورد لەڕووی بابەت و فۆرمەوە زیاتر پشت بەو كارەسات و تاوانانە دەبەستێت كە بەسەر كورددا هاتووە.

٧. دەرهێنەری كورد زیاتر بۆ درووستكردنی فیلمەكانی زیاتر پشت بە قوتابخانە ریالیزمەكان دەبەستێت.

٨. ڕیالیزمی هێماگەری ڕەنگدانەوەی هەیە لەنێو فیلمە كوردییەكاندا، و دەرهێنەری كورد هێماكان وەک كەرەستەیەک دادەنێت كە گەلی كورد لەسەری كۆكن و بەشێكن لە كەلتورەكەی.


## سەرچاوەكان

### ١-كوردی

١. جەمال، نەوزاد. (٢٠٢). سینەما و فەلسەفە سەرەتایەک لە فەلسەفەی فیلم. چاپی یەكەم. ناوەندی رۆشنبیری رەهەند. سلێمانی. هەرێمی كوردستان-عێراق.

٢. سینا،خوسرەو. (٢٠١٨). شوناسی كولتوری و سینەمای كورد. چاپی یەكەم. وەرگێڕانی: جەمشید بەهرامی. بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی. سلێمانی. هەرێمی كوردستان-عێراق.

٣. عەبولرەحمان، حەیدەر. (٢٠١٨). دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی سینەمای كوردی. چاپی یەكەم. چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین. هەولێر. هەرێمی كوردستان-عێراق.

٤. مەلاهەمزە، مەسعود. (٢٠١٠). پرسەكانی فیلمسازی كوردی گفتوگۆی فیلمسازانی كورد. چاپی یەكەم. بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر. هەولێر. هەرێمی كوردستان-عێراق.

٥.نووسەری نییە. (٢٠٠٧). هەزار و یەک شەوە. چاپی یەكەم. وەرگێڕانی: جەوهەر مەحمود داراغا. چاپخانەی شڤان. سلێمانی. هەرێمی كوردستان-عێراق.

### ٢-عەرەبی

٦. آنبال، جي. (٢٠٠٠). المدارس الجمالية الكبرى في السينما العالمية. الطبعة الاولى. ترجمة: مي التلسماني. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

٧. الفقي، محمد. (٢٠٢٠)، السينما في العصر النيوليبرالية. بدون طبعة و الجهة الناشرة.

٨. بيرسون، روبيرتا. (٢٠١٠). "السينما في السنوات الاولى" موسوعة تاريخ السينما في العالم- المجلد الاول- السينما الصامتة. اشراف: جيوفري نويل سميث. الطبعة الاولى. ترجمة: مجاهد عبدالنعم مجاهد. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

٩. بريدال، رينيه، (٢٠٠٤). خمسون عاما من السينما الفرنسية ١٩٤٥ – ١٩٩٥. الطبعة الاولى. ترجمة: سوزان خليل. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

١٠. ثامر، رعد عبدالجبار. (٢٠١٦). نظريات و اساليب الفيلم السينمائي. الطبعة الاولى. دار الورد الاردنية للنشر و التوزيع. عمان. الاردن.

١١. جورنو، ماري-تيريز. (٢٠٠٩). معجم المصطلحات السينمائية. الطبعة الاولى. ترجمة: فائز بشور. المؤسسة العامة للسينما. دمشق. سوريا.

١٢. رابيجر، مايكل، و هيريس-شيرير، ميك. (٢٠١٨). الاخراج السينمائي تقنياته و جمالياته. الطبعة الاولى. ترجمة: ناصر ونوس. دائرة الثقافة و السياحة (كلمة). ابوظبي. الامارات.

١٣. روبنسون، ديفيد. (١٩٩٩). تاريخ السينما العالمية ١٨٩٥ – ١٩٨٠. الطبعة الاولى. ترجمة: ابراهيم قنديل. المشروع القومي للترجمة. القاهرة. مصر.

١٤. سادول، جورج. (١٩٦٨). تاريخ السينما في العالم. الطبعة الاولى. ترجمة: ابراهيم كيلاني، فايزكم نقش. دار منشورات عويدان. بيروت. لبنان.

١٥. سعيد، ابوطالب محمد. (١٩٩٠). علم مناهج البحث. الجزء الاول. دار الحكمة للطباعة و النشر. الموصل. العراق.

١٦. ستيفنسون، رالف. دوبري، جان. (١٩٩٣). السينما فنا. الطبعة الاولى. ترجمة: خالد حداد. المؤسسة العامة للسينما. دمشق. سوريا.

١٧. شيمي، سعيد. (٢٠١٣). الصورة السينمائية من السينما الصامتة الى الرقمية. الطبعة الاولى. الهيئة العامة لقصور الثقافية. القاهرة. مصر.

١٨. فينتورا، فران. (٢٠١٢). الخطاب السينمائي لغة الصورة. الطبعة الاولى. ترجمة: علاء الشنانة. المؤسسة العامة للسينما. دمشق.

سوريا.
١٩. كاسبيار،آلان. (١٩٨٩). التذوق السينمائي. الطبعة الاولى. ترجمة: وداد عبدالله. الهئية المصرية العامة للكتاب. القاهرة. مصر.
٢٠. مارتن، مارسيل. (٢٠١٧). اللغة السينمائية طبعة اقلام عربية الاولى. ترجمة: سعد مكاوي. اقلام عربية للنشر و التوزيع. القاهرة. مصر.
٢١. مونرو، توماس. (٢٠١٤). التطور في الفنون- الجزء الثاني. الطبعة الاولى. ترجمة: محمد علي ابودرة، لويس اسكندر جرجس، عبدالعزيز توفيق جاويد. الهيئة العامة لقصور الثقافية. القاهرة. مصر.
٢٢. مدانات، عدنان. (٢٠٠٧). عدسات الخيال: مقالات في السينما. الطبعة الاولى. المؤسسة العامة للسينما. دمشق. سوريا.
٢٣. واتس، فيل. (٢٠١٦). "الواقعية" موسوعة السينما (شيرمير)- الجزء الثالث. إشراف و تحرير: باري كيث جرانت. الطبعة الاولى. ترجمة: احمد يوسف. المركز القومي للترجمة. القاهرة. مصر.
٢٤. هوراك، يان كريستوفر. (٢٠١٥). "التعبيريه" موسوعة السينما (شيرمير)- الجزء الثاني. إشراف و تحرير: باري كيث جرانت. الطبعة الاولى. ترجمة: احمد يوسف. المركز القومي للترجمة. القاهرة. مصر.
٢٥. هيغل، فريدريش. (١٩٨٦). الفن الرمزي/ الكلاسيكي/ الرومانسي. الطبعة الثانية. ترجمة: جورج طرابيشى. دار الطليعة للطباعة و النشر. بيروت. لبنان.

**٣-ئینگلیزی**

26. Bordwell, David. (1997). On the History of Film Style. Harvard Unuversity Press. Massachusetts. USA.
27. Soanes, Catherine and Hawker, Sara and Elliott, Julia. (2006). Oxford Dictionary of Current English. Osxford University Press. New York. USA.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360